# پاشکۆی سێیەم

زانیاری وەرگیراو لە خەڵک، دەربارەی (جزیرە) و ناوچەکانی دەوروبەری.
(پاشکۆی دووەمە لە بەرگی یەکەمی گەشتەکە)

سەرنج: ڕەنگە ئەم زانیارییانەی خوارەوە، بۆ ئێستا زیانێکی جوگرافیاییان نەبێ. وەرگێڕیش وەکو خۆیان تۆماریان دەکاتەوە(ع)

لە قەڵەمڕەوی حکوومەتی (جزیرە)دا دووبەش کورد هەن، کە بریتین لە (بوهتانی، یان (بۆتانی) و (ئاشیتیی). بەشێوەیەکی گشتی (ئاشیتی) لە دەشتدا[١] لە نزیک (نسیبین) و (چێل ئاغا) دەژین. لەبەرئەوەش کە لەم دواییەدا حکوومەت لاوازبووە، ئەمانە زۆر بەهێزبوون و زەوت ناکرێن.

جۆمیش کەزەک: میرنشینێکی کوردە و دوازدە سەعات لە (ئەرغەنی)یەوە دوورە، لە نزیک زەریاچەی (گول باشی)، لە کێوی تەورۆس.

چەرنەک: میرنشینێکی کوردە و هەشت سەعات لە (ئەرغەنی)یەوە دوورە، لای کێوی تەورۆسەوە.

بنەماڵەی بایەزید، لە هۆزی سیبکی = سیپەکی ـ ن

فنیک: قەڵایەکە، چوار سەعات لە باکووری (جزیرە)وە دوورە و لەبەری خۆرهەڵاتی (دیجلە)یە[٢].

ئیس: چوار سەعاتێک لەبەری خۆرهەڵاتی دیجلە و «فنیک»ەوە دوورە.

بەشیرۆ (بەشیری): سەربە (دیاربەکر)ە و شەش سەعاتە ڕێیەک لەسەر ڕێی (ڕەزوان) دووردەبێ، کە کوردی (بەرازی) لێ نیشتەجێن.

زەرگی: دەکەوێتە نێوان (بەتلیس) و (سەعرد)و (موش)ەوە و ناوچەیەکە ناوەندەکەی (دەرزەنی)یە و چوار سەعات لە (سەعرت)ەوە دوورە.

ڕۆژەکی (ڕاستییەکەی ـ ڕوسکی/یە ـ وەرگێڕی عەرەبی). خێڵێکی گەورەن لە دەوروبەری (بەتلیس)ن.

قۆناغە ڕێیەکیش لە (سیللوک)ەوە، مەزارێکی گەورەی دیان هەیە، ناوی (چەن گەدی ـ CHENGEDE)، یان (چەن گەللی ـ Chengelli)یە. هەروەها لێرەش کەنیسەی (سوورب قارابت) هەیە، کە کەنیسەی یوحەنای مەعمەدانە و شەش سەعات لە (موش)ەوە لە نزیک (میغاکیات) دوور دەبێ، کە چەمێکە و دەڕژێتە فوراتەوە. ئەم مەزارە لەدوای (چەمبازین) لەناو ئەرمەنەکاندا ناوبانگێکی گەورەی هەیە. لەپێشدا زیارەتی (قەیسەری) دەکەن، کە کەنیسەیەکی گرنگی تێدایە. گوایە بڕوایان وایە، کە سەری قەدیس یوحەنای مەعمەدان لەوێ نێژراوە. پاشان دێن بۆ (چەن گەدی) و دوای ئەوە ڕوودەکەنە (چەمبازین). سەرگورشتەیەکی زۆر ئەفسانەیی دەربارەی ئەو کەنیسە

(١) بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، وەرگێڕ مێژووی (زایین)ی لێ زیاد کردووە ـ ع.
(٢) لە دەقەکەدا بەهەڵە (المسلّمون) نووسرابوو ـ ع.



سەرەکییە دەگێڕنەوە. چونکە لەوێ قەدیس خەڵک فێری هەموو جۆرە هونەرەکان (جگە لە موسیقا) و بازرگانێتی دەکات. لەبەر خاتری (هیرودیاس HERODIAS)یش نایەڵێت ئافرەتان لێی نزیک بکەونەوە. لە کەنیسەدا بیرێکی قووڵ هەیە، وەک ئەرمەنەکان دەڵێن دەنگی جنۆکە زیندانییەکانی لێوە دەبیسترێ. لە زۆر کاتیشدا لە دەوروبەری، ڕووناکیی دەبینرێ، بەتایبەتی دوای باران داکردنێکی کەم. بێگومان ئەمەش دەبێ دیاردەی سروشتیی بێت.

بەل غین: چوار سەعاتێک لە (قیک)ی لای خۆرهەڵاتی (دیجلە)وە دوور دەبێ.

ئارزەن: ناوە ڕاستییەکەی (هەرزین)ە. جێگەیەکە لەنێوان (دیاربەکر) و (سەعرد)دا و لە چیاکانەوە نزیکە.

باتمان: پردێکی خراپی سەر ڕووباری (سەعرد)ە، لە دووریی سێ سەعاتە ڕێیەک لەسەرووی شارەکەوەیە. ئێستاش کەلاوەی شارانی لێیە و (باتمان چای)ش ڕووبارەکەی (سەعرد)ە، یان ڕووباری دیجلەی سەرەکییە.

دەڵێن لە نزیک جزیرەش ئاسەوارێک، یان پاشماوەی پردێک هەیە بەسەر ڕووباری دیجلەوە.

حەسەن: کێویکە، بەشێک لە (تەورۆس) و (زاگرۆس) پێک دێنێ و لەنێوان (دیاربەکر) و (پالو) و (موش) دایە، ڕێچکە و ڕێبازگەیەک نییە بۆی بچێت. دانیشتووانیشی سەربەخۆییەکی تەواویان هەیە و کوردەکان بەخەڵکی ئەو ناوچەیە دەڵێن (زازا)، کە دیارە ئەمە نازناوێکی گاڵتەجاڕییە و مانای زمان فسی و زمان گرتن، یان ئەو قسانە دێت کە تێیان ناگەیت.

(ڕەزوان)یش هەشت سەعاتە ڕێیەک لە (هەزو)وە دوور دەبێ. بنەماڵەی (هەزو)یش زۆر کۆنن و لەهەمان کاتیشدا زۆر بەڕێزن.

کوفرا: شارێکە، شەش سەعات لە (سەعرد)ەوە دوور دەبێ و دەکەوێتە سەر ڕێی (بەتلیس)، لە ناوچەی (شیروان). قەڵای (شیروان)یش هەر تەنیا سەعاتێک لە (کوفرا)وە دوور دەبێ، سەردارەکەیشی بەهێز و سەربەخۆیە، دەچێتەوە سەر لقێکی تازەی بنەماڵەی (حەسەن کیف)، واتە (ئەیوبی )یە و لە نەوەی سەلاحەدینی ئەیوبییە. کانێکی زێڕیش لە (شیروان) هەیە.

(ئیروون ـ Iroon) دەداتەوە لە (سێ گوێزە) و (چوقور) و سێ سەعاتە ڕێیەک لە (کوفرا)وە دوور دەبێ و لەم جێگایانەوە کەستانە بۆ بەغدا دەچێ. ماوەی نێوان (سەعرد)

و (شـیـرین)یش سێ سـەعـات دەبێ. لەوێشـەوە بۆ (مـەعـدەن) شـەش سـەعـاتە و بۆ (هیزان)یش بەلای کەممەوە شەش سەعات دەبێ.

کـەرنی: دوو سـەعـاتێک لە (هیـزان)ەوە دوور دەبێ و لە (شیـروان)یشـەوە چوار پێنج سەعـاتێک دەبێ، کە ناوچەیەکی یەکجار داپراو و شاخاوی و سەختـە. لە نێوان ئەو کوردانەشدا کە لەم ناوچانەشدا نیشتەجێن، خێڵی (عەمبەرلو) و (چنگنی)یان تێدایە و یەکێک لە سەردارەکانیشیان دەڵێن لە نەوەی ساسانییە.

(کـورکـێت ـ Koor Keat) ڕووبارێکە، پاش ئەوەی هەشت سـەعـاتە ڕێیـەک بەرێگەی (توبراق قـەلعە ـ بایەزید) لە (توبراق قـەلعە) تێپـەڕ دەبێت، دەیگەیتێ و لە کێـوەکانی (قـاغـزمـان) لە نزیک (قـارس)ەوە دێتـە خـوارەوە و دەڕژێتـە فـوراتەوە. گـەلێ جـاریش ئاوەکـەی زۆر هەڵدەسـتێ، بەڵام تەنانەت لەو کـاتانەشـدا ئاوێکی کـەمی هەیە و بەو بۆنەیەشەوە کە چاڵی گەورە لە بنەکەیدا هەیە و تیژ تێپەڕ دەبێ. گێژەن و گۆمی ترسناکی هەیە. لەبەرئەوە هەمیشە بۆ پەڕینەوە لێی، دەبێ چاوساغی بۆ ببرێ.

(ئاوی مـاسی)، یان ڕووباری مـاسی، دەڵێن ڕووبارێکی گـەورەیە وەک (زێ) و بەناو (شـوشک) و (خـامـوور)دا تێپـەڕ دەبێ. لە تەنیـشـت (ئەرجیش) و لە نزیـک زەریاچەی (وان)ەوە هەڵدەقوڵێ و لە نزیک (مەلازکرد) دەڕژێتە فوراتەوە. ماسییەکی زۆری (گاشی نە)یشی تێدایە.

خـاموور: شـوێنێکە هەر لە ناوچەیەک، لە ناوچەکـانی (بایەزید)ی بەناوەوە ناونراوە و دەکەوێتە ڕێگەی (بایەزید) و (موش)ەوە. (شوشیک)یش بۆ ماوەی هەشت سەعاتە ڕێ لە (خاموور)ەوە دوورە.

هیـچ ڕووبارێکـیش نارژێتـــە زەریاچەی (وان)ەوە. وا دیارە بەرزترین بەشی بـانـووی (ئەرمـینیا) دەبێت، لە (ئیـخلات)یش کەلاوەیەکی زۆر هەیە و ئێستا نیـمچە چۆڵکراوە. هەروەها لە (ئاجـاواز ـ عـادل جـواز)یش کـەلاوەیەکی زۆر هەیە، کـە ئاوی زەریاچەکـە بەشێکی لێ دارمـاندووە. هێشـتـا لەسەر لێواری زەریاچەکەش ئاسەواری شارێک هەیە، ئەوەندەی فراوانیی شاری بەغدا دەبێ. (بین کول) زەریاچەیەکە گاشەبەردێکی زەبەللاح لە ناوەڕاستەکەیدایەتی، کە نابزوێ و (ئازاکس)، یان (ئاراکس)ی لێ هەڵدەقوڵێ.

بەژێر زەویشدا ڕووبارێک دێت، چوار سەعاتێک لە (بایـەزید)ەوە دوور دەبێ و دەڕژێتە (ئاراکس)ەوە. ڕێڕەوەکــەشی نابینرێ. بەڵام لەســەر زەوییـــەوە، لەهەمـــوو جـێگەیـەکی ڕێڕەوەکەیەوە بەئاشکرا خوڕەکەی دەبیسترێ. لەکاتی تێکەڵبوونی هەردوو ڕووبارەکەشدا،



مرۆ زۆر بەئاشکرا، تێکەڵبوونی هەردوو ڕووبارەکە هەست پێدەکات، کە لەشێوەی گێژاو دایە. خـەڵک زۆر بێـهـوودە خـەریکی هەڵکەندنی سـەر ڕێڕەوەکـەی بوون، کـە وەک دەرکەوتووە زۆر قووڵە.

لەسـەر ئەو بەردەش کـە قـەڵای (بایەزید)ی لەسـەر دروسـتکراوە، وێنەی هەڵکۆڵراوی تێدایە، شێوەی سێ پیاو دەنوێنێ، کە هەریەکەیان گۆچانێکی بەدەستەوەیە و کتێبێکی لەبن هەنگڵدایە.

قـەڵای (مـەکس)یش، کـە ڕووباری دیجلەی خۆرهەڵاتی لێ هەڵدەقـوڵێ، مـاوەی پازدە سـەعـاتێک لەپشـتی (چۆڵەمـێـرگ)ەوە دوور دەبێ. ڕووبارەکـەش لە ئەشکەوتی لای شاخێک هەڵدەقوڵێ و لەسەرەتاوە لە ڕووبارەکەی لای (دیاربەکـر) گەورەترە و بەنزیک (سەعرد)دا تێپـەڕ دەبێ. پەڕینەوەش لێی، زۆرگرانە. تەنانەت لە ڕۆژانی نیشتنەوەشیدا، واتە ئەو ڕۆژانەی کە پێیان دەوترێ قرچەی گەرمای هاوین. لە (تەللە نافرو)ش، لەنێوان (دیاربەکر) و (جزیرە)دا، ڕووبارەکەی (دیاربەکر)ی تێدەڕژێ. ڕێگاش لە (مەکس)ەوە بۆ (سەعرد)، بەمجۆرەیە:

قورماس: قەڵایەکە، هی بەگی (شیروان)ە: ٤ سەعات

دەرکەن: ٤ سەعات

بەرواری: ئەمانیش خێڵێکن، سەر بە جزیرەن و خێڵێکی گەورەن و لەناو

خەڵکدا خۆشەویستن. هەنگوین و میوەی ئەم ناوچەیە لەوێوە دەهێنرێن: ٦ سەعات

مەکس: ٦ سەعات

هەمووی: ٢٠ سەعات

«مـەکس»یش ئێـسـتـا سەر بە هەکارییـە و یەکـێک لە خزمەکـانی (مسـتـەفا خـان)ی چۆڵەمـێـرگ فـەرمـانڕەوایەتی. لە (سەعـرد)یشـەوە بۆ (دیاربەکـر) ٣٤ سـەعـاتە، بەم ڕێگایانەدا:

تەللە نافرو: ٥ سەعات

ڕەزوان[٣]: ٥ سەعات

ڕەجیر خراپ: ٤ سەعات

(٣) ڕەزوان: چوار سەعاتە ڕێیەک لە (حەسەن کیف)ەوە دوورە، کە لەبەری لای سەرووی (دیجلە)، یان ڕووباری (دیاربەکر)ە. (ڕەزوان)یش لەبەری (دیاربەکر)ە و (حەسەن کیف) لەبەری (ماردین)ی ڕووبارەکەیە.

سینەکەری (خێڵێکی ڕەوەندی کوردن): ٦ سەعات

بلەی دوون: ٨ سەعات

دیاربەکر: ٦ سەعات

هەمووی: ٣٤ سەعات

لقەکانی تری دیاربەکر، لە ڕووباری دیجلە، پێش ئەوەی بڕژێتە ڕووباری دیجلەی سەرەکییەوە، بە (ڕەزوان) و (حەسەن کیف)دا تێپەڕ دەبێ. کوردە (محلەمی)یەکان لەو ئەشکەوتە پەرشوبڵاوانەی ئەمبەر و ئەوبەری ڕۆخی دیجلە دەژین و ژمارەیان زۆرە و دەڵێن زۆر کۆنیشن و لەناویشەوە ژووری جیاجیایان تێدایە.

ڕووباری (خاموور)یش کە بە (زاخۆ)دا تێپەڕ دەبێ، لە کێوەکانی (ئامێدی) هەڵدەقوڵێ و چوار سەرچاوەیشی هەیە. (ماکدونالد کینەر) ئەم ڕووبارە و ڕووباری (سەعید)ی تێکەڵ کردووە. (فیشخابوور)یش ناوی دووانەی (هیزل) و (خابوور)ە. (هیزل) ماوەی سەعاتە ڕێیەکی تریش لە (زاخۆ) و (سلوبی)یەوە دوورە. هەردووکیشیان لە دامێنی (زاخۆ) بەیەک دەگەن و ڕووباری (شاخ)[٤] تێکەڵیان دەبێت.

ڕێگاش لە (مووسڵ)ەوە بۆ (جزیرە) بەمجۆرەیە:

تەل تەل ئەسقەف: ٦ سەعات

نەمیر: (گوندێکی یەزیدییە و سەرکێکی یەزیدی تێدایە

پاشان بواری (هیزل): ٦ سەعات

تەل کێشان: ٦ سەعات

زاخۆ: ٣ سەعات

سلوبی، لەو ناوچەیە دایە، کە کێوی (جودی) تێدایە: ٥ سەعات

جزیرە: ٥ سەعات

**هەمووی: ٣١ سەعات**

ڕێگا لە جزیرەوە بۆ سەعرد:

فێنیک: قەڵایەکی زۆرکۆن و بەناوبانگە و لە مێژووی کورددا ناوی هاتووە: ٤ سەعات

(٤) ڕووبارێکی تریش بەم ناوە لە نزیکی (مەکس) هەیە، لە ناوچەی (هەکاری).



چەولیک: ٨ سەعات

تەللە نافرو: دوواوانی هەردوو لقەکەی دیجلەیە: ٣ سەعات

سەعرد: ٥ سەعات

**هەمووی: ٢٠ سەعات**

ڕێگا لە (سەعرد)ەوە بۆ (بەتلیس)

سێ گوێزە (سێ دارگوێزەکە): ٦ سەعات

بەتلیس: ٦ سەعات

**هەمووی: ١٢ سەعات**

ڕێگا لە (بەتلیس)ەوە بۆ (ئەرزەروم)

جاقور: ٦ سەعات

خاس کۆی: ٨ سەعات

جەویرمە: ٣ سەعات

سوللوق (پردێکی دارینەیە لەسەر فورات): ٣ سەعات

جار کور: ٥ سەعات

ئاروزە: ٥ سەعات

ئال ئاراس: ٧ سەعات

دەلی بابا: ٨ سەعات

قزڵجە: ٥ سەعات

لەسەر شاخەکەوە بۆ ئەرزەرۆم: ٤ سەعات

**هەمووی: ٥٤**

# پاشکۆی چوارەم

## پاشکۆی سێیەمی بەرگی یەکەمی گەشتەکەیە

زنجیرەی میرانی بنەماڵەی بابان لە (سلێمان بابا)، یان سلێـــمـــان بەبەوە، تا پاشـــای ئێستای (سلێمانی):

# ماوەی حوکم

| | سالّ | | مانگ | |
|---|---|---|---|---|
| ١ـ سلێمان بەگ غازی (واتە بابا سلێمان)ی کوڕی میر سلێمان. دوای ئەوەی حوکمی گرتەدەست: | | | | |
| | ١٠٨٨ک | ١٦٧٧ز[١] | -- | ٤ |
| ٢ـ تەمیر (تەیمور) خان بەگ: | ١١١٠ک | ١٦٩٨ز | -- | ٤ |
| ٣ـ بەکر بەگ: | ١١١٥ک | ١٧٠٣ز | -- | ٣ |
| لێرەدا ماوەیەک ڕادەبوورێ، تورکە (موتەسەللیم)ەکان[٢] | | | | |
| حوکمی کوردستانیان گرتەدەست | ١١٢٨ک | ١٧١٥ز | -- | ٤ |
| ٤ـ دوای چوار سالّ (خانە پاشا) ماوەی سێ سالّ | | | | |
| حوکمی کوردستانی کرد، پاشان کە «سنە»ی گرت | | | | |
| حەوت سالّ حوکمی کرد و مزگەوتێکی تێدا دروستکرد. لەم | | | | |
| یەک دوو سالّەی دواییدا (ئەمانوڵلاخان) تێکی دا: | ١١٣٢ک | ١٧١٩ز | -- | ٣ |
| ٥ـ جێگری خالید پاشا، کوڕی بەکر بەگ | ١٣٣٥ک | ١٧٢٢ز | -- | ٤ |
| ٦ـ فەرهاد پاشا | ١٣٣٩ک | ١٧٢٦ز | -- | ٢ |
| ٧ـ خالید پاشا (هەمدیسان) | ١١٤١ک | ١٧٢٨ز | -- | ١٥ |
| ٨ـ جێگری سەلیم پاشا | ١١٥٦ک | ١٧٤٣ز | -- | ٤ |
| ٩ـ جێگری سلێمان پاشا | ١١٦٠ک | ١٧٤٧ز | -- | ٣ |
| ١٠ـ سەلیم پاشا (هەمدیسان) | ١١٦٣ک | ١٧٤٩ز | -- | ١٤ |
| ١١ـ سلێمان پاشا (هەمدیسان). سەلیم پاشای | | | | |
| بەغدادیش بەفێڵی ئەم لە سێدارەدرا. سلێمان | | | | |
| پاشا، مزگەوت و گەرماوی لە (زەنگەباد) دروستکرد. | | | | |
| لەسەردەمی ئەمدا (زەنگەباد) و (مەندەلی) و (بەدرە)و | | | | |
| (جەسان) بەشێک بوون لە کوردستان | ١١٦٤ک | ١٧٥٠ز | -- | ١٠ |
| هەر لەسەردەمی ئەمیشدا تاعوونە گەورەکە | | | | |
| بڵاوبووەوە، ساڵی | ١١٧١ک | ١٧٥٧ز | -- | -- |

(١) ئەمانە ئێستا لە کێوی (طور) نیشتەجێن ـ ع.
(٢) (ئەمیانوس) لە لاپەڕەکانی(١٥ و ١٨ و ٢٦)ی دووەمین کتێبدا، ناوی (بەزاب دە) ـ بازبدی ـ (فێ نیک) هێناوە.



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٢ـ مەحموود پاشای کوڕی خانە پاشا، لە شەڕێکدا | | | | |
| کوژرا، کە لەگەڵ سلێمان پاشادا کردی | ١١٧٤ک | ١٧٦٠ز | ٥ | -- |
| ١٣ـ سلێمان پاشا (هەمدیسان) | ١١٧٥ک | ١٧٦١ز | -- | -- |
| ١٤ـ ئەحمەد پاشای کوڕی خالید پاشا | ١١٧٦ک | ١٧٦٢ز | -- | ١ |
| ١٥ـ سلێمان پاشا (دووبارە) | ١١٧٧ک | ١٧٦٣ز | ٢ | -- |
| ١٦ـ ئەحمەد پاشا (هەمدیسان) | ١١٧٧ک | ١٧٦٣ز | -- | -- |
| ١٧ـ سلێمان پاشا (هەمدیسان) فەقێ ئەحمەد کوشتی | ١١٧٧ک | ١٧٦٣ز | -- | -- |
| ١٨ـ محەمەد پاشای کوڕی خالید پاشا و باوکی | | | | |
| خالید بەگ | ١١٧٨ک | ١٧٦٤ز | -- | ٨ |
| ١٩ـ ئەحمەد پاشا (هەمدیسان) | ١١٨٦ک | ١٧٧٢ز | ٢ | ١ |
| تێبینی: باوکی ئیبراهیم پاشا و خالید پاشای | | | | |
| ئێستایە و برا گەورەی مەحموود پاشایە. | | | | |
| ٢٠ـ مەحموود پاشا، لە (ئەحمەد کولوان) ئەحمەد پاشای[٣] | | | | |
| ئێستا و براگەورەی مەحموود پاشای بەدیل گرت | ١١٨٧ک | ١٧٧٣ز | | ١ |
| ٢١ـ دووبارە ئەحمەد پاشا بەیارمەتی عەلی | | | | |
| مرادخان، لە (سەرسیر و چوارتا)، توانی بەسەر | | | | |
| مەحموود پاشادا زاڵ بێت. | | | | |
| ٢٢ـ دووبارە مەحموود پاشا، بەیارمەتی شەفیع خانی | | | | |
| زەندی لە ئێران گەڕایەوە، بەڵام شکا و گەڕایەوە | ١١٩٠ک | ١٧٧٦ز | ٩ | -- |
| ٢٣ـ دووبارە لەگەڵ مەحموود عەلی سەرداردا | | | | |
| گەڕایەوە و لە نێوان محەمەد پاشا و خەسرەو خان، | | | | |
| خانی سنەدا، لە نزیک (سەری بار- زرێبار)دا ڕوویدا، | | | | |
| کە ئەمی دواییان زۆر خراپ تێکشکا | ١١٩١ک | ١٧٧٧ز | | ١ |
| ٢٤ـ کەلب عەلی خانی سەرکردەی زەندی بۆ | | | | |
| یارمەتیدانی ئەحمەد پاشا هات و دووبارە | | | | |
| لەسەر تەخت داینایەوە محەمەد پاشاش | | | | |

(٣) ئەحمەد پاشا، کە محەمەد پاشای برای بەدیل گرتبووی، بەیارمەتی هێزەکانی توانی هەڵبێت و جڵەوی فرمانڕەوایی گرتەوە دەست و ماوەی شەش مانگ حوکمی کرد. محەمەد پاشاش بۆ ئێران ڕایکرد و دووبارە لەگەڵ (مراد خان)دا گەڕایەوە، بەڵام هەردووکیان لە (سەرسیر) تێشکان.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بۆ (کۆیسنجاق) هەڵهات. | ١١٩١ک | ١٧٧٧ز | -- | -- |
| ٢٥ـ محەممەد پاشا ، لەگەڵ تەیمور پاشا ، پاشای | | | | |
| کۆیسنجاق گەڕایەوە و لە (گلّی زەرد) لەگەڵ | | | | |
| ئەحمەد پاشادا کردیان بەشەڕێکی دەستەویەخە ، | | | | |
| بەشمشێر و خەنجەر، کە سەعاتێکی خایاند و | | | | |
| زیانێکی زۆری تیا کەوت، تەیمور پاشا کوژرا و | | | | |
| محەممەد پاشا دەستبەجێ لەلایەن ئەحمەد | | | | |
| پاشاوە برایەوە هەردوو چاوی هەڵکۆڵرا. | | | | |
| ئەحمەد پاشاش هەڤدە ڕۆژ دوای گەڕانەوەی | | | | |
| لە قەرەداغ بۆ (قەلاّچوالان) مرد | ١١٩٢ک | ١٧٧٨ز | -- | -- |
| ٢٦ـ جێگیربوونی مەحموود پاشای باوکی | | | | |
| عەبدولڕەحمان پاشا ، کە لە شەڕی | | | | |
| (یەل تیمار)ی نێوان سەقز و (ساووق بولاّق)دا | | | | |
| لەلایەن (بوداق خان)ی میری (ساووق بولاّق) | | | | |
| کوژرا ، کە لەگەڵی بەشەڕ هاتووە. | ١١٩٣ک | ١٧٧٩ز | -- | ٥ |
| ٢٧ـ جێگیربوونی ئیبراهیم پاشای دامەزرێنەری | ١١٩٨ک | ١٧٨٣ز | -- | ٣ |
| (سلێمانی) ، کە حەسەن خان بەگ و حسێن | | | | |
| بەگی گرت، کە دوو میری سەر بەبنەماڵەکەی | | | | |
| خۆی بوون و بە دیلی ناردنی بۆ بەغدا و سەرەتا | | | | |
| ئاوارەی (حلە) کران و پاشان لە سێدارە دران | ١٢٠٠ک | ١٧٨٥ز | -- | ٣ |
| ٢٨ـ عوسمان پاشای براگەورەی عەبدولڕەحمان پاشا | ١٢٠١ک | ١٧٨٦ز | -- | ٢ |
| ٢٩ـ ئیبراهیم پاشا (دووبارە) | ١٢٠٣ک | ١٧٨٨ز | -- | ١ |
| ٣٠ـ جێگیربوونەوەی عەبدولرەحمان پاشا | ١٢٠٤ک | ١٧٨٩ | -- | ٨ |
| ٣١ـ ئیبراهیم پاشا (هەمدیسان) | ١٢١٢ک | ١٧٩٧ز | -- | ٥ |
| (لەسەردەمی ئەمدا تاعوونە بچووکەکە بلاّوبووەوە) | | | | |
| ٣٢ـ عەبدولڕەحمان (هەمدیسان) | ١٢١٧ک | ١٨٠٢ز | -- | ٢ |
| ئیبراهیم پاشا لەکاتی هێرشی عەلی پاشا ، ) پاشای | | | | |
| بەغدا)دا مرد ، کە بۆ سەر (سنجار ـ شەنگار)ی کرد ، | | | | |
| عەلی پاشا چووە جێی و ئەمیش مرد ، لە ساڵی: | ١٢١٧ک | ١٨٠٢ز | -- | -- |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| عەبدولڕەحمان پاشا ، لە عەلی پاشا هەڵگەڕایەوە | | | | |
| و یاخیبوو ، دوای ئەوەش لە (کۆیسنجاق) بەسەر | | | | |
| خالید پاشادا سەرکەوت. یەکسەر دوای گەڕانەوەی | | | | |
| محەممەد پاشا ، پاشای سلێمانی، لە بەغدا بەدەستی | | | | |
| خۆی کوشتی، دوای ئەم ڕووداوانە پاشای بەغداش | | | | |
| خۆی هات و خالید پاشای لە سلێمانی دانا. | | | | |
| عەبدولڕەحمان پاشاش بۆ ئێران هەڵهات. | ١٢١٨ک | ١٨٠٣ز | -- | -- |
| ٣٣ـ خالید پاشا | ١٢١٩ک | ١٨٠٤ز | -- | -- |
| ٣٤ـ عەبدولڕەحمان پاشا لە ئێران گەڕایەوە و لە | | | | |
| (زەربیار– زرێبار) بەسەر سەربازە یەدەکە تورکەکان و | | | | |
| کوردەکاندا سەرکەوت و سلێمان کەهیای | | | | |
| بەغدای بەدیل گرت | ١٢٢١ک | ١٨٠٦ز | -- | -- |
| ٣٥ـ عەبدولڕەحمان پاشا ناچار کرا لە | | | | |
| سلێمانی هەڵبێت. تورکەکانیش، لەژێر | | | | |
| فەرماندەیی (سلێمان کەهیە)ی | | | | |
| پاشای ئێستای بەغدایە ، سلێمان پاشای | | | | |
| کوڕی ئیبراهیم پاشایان دانا[٤]. | ١٢٢٣ک | ١٨٠٨ز | ٣ | -- |
| ٣٦ـ جارێکی تر عەبدولڕەحمان خۆی کردەوە | | | | |
| بەسەرداری کوردستان. شازادەی کرماشان | | | | |
| لە دژی ئەم لەگەڵ تورکەکاندا ڕێکەوت | | | | |
| و ناچاری کرد بکشێتەوە کۆیسنجاق کە | | | | |
| ئێرانییەکان ئابڵوقەیان دابوو ، دوای | | | | |
| مانگێک و چوار ڕۆژ ئابڵووقەکەیان | | | | |
| شکاند. ئەمەش لە ساڵی (١٢٢٤ک) | | | | |
| بوو . عەبدولڕەحمان پاشاش گەڕایەوە | | | | |
| بۆ (سلێمانی). | ١٢٢٦ک | ١٨١١ز | -- | ٢ |
| مردنی عەبدولڕەحمان | ١٢٢٨ک | ١٨١٣ز | -- | -- |

(٤) ئەمەش ساڵی (١٨٠٨ز) بوو ، کە تیایدا گەیشتمە بەغداد.

٣٧ـ جێگیربوونی مەحموود پاشای
کوڕە گەورەی عەبدولڕەحمان پاشا،
کە جێی باوکی گرتەوە و میری ئێستایە. ١٢٢٨ک ١٨١٣ز -- --

## هەندێ کارەسات و مێژوو، کە پێوەندییان بەمێژووی کوردستانەوە هەیە

| | | |
|---|---|---|
| تێشکانی هێزەکانی تورک و ئێرانی، کە هاوپەیمانی سلێمان بەگ بوون و ناچارکران لە کوردستان هەڵبێن و پەنابەرنە (ئەستانبوڵ) | ١١١٠ک | ١٦٩٨ز |
| تێشکانی بەکر بەگ | ١١٢٠ک | ١٧٠٨ز |
| ئابلۆوقەی بەغدا | ١١٣٠ک | ١٧١٧ز |
| دەستگرتنی تورک بەسەر (هەمەدان)دا | ١١٣٥ک | ١٧٢٢ز |
| کوژرانی خانە پاشا، پاشای کوردستان | ١١٤٥ک | ١٧٣٢ز |
| شەڕی تۆپالە (شەل) عوسمان پاشا | ١١٤٤ک | ١٧٣١ز |
| ئابلۆوقەی مووسڵ | ١١٥٤ک | ١٧٤١ز |
| هەڵاتنی خالید پاشا ـ پاشای کوردستان بۆ (ئۆرفە) | ١١٥٥ک | ١٧٤٢ز |
| مردنی خالید پاشا لە (ئورفە) | ١١٥٦ک | ١٧٤٣ز |
| پاشان سەرکەوتنی بەسەر (یەکون پاشا)ی سەرکردەی تورک | ١١٥٦ک | ١٧٤٣ز |
| کوژرانی نادر شاە | ١١٥٨ک | ١٧٤٥ز |
| مردنی عادل پاشا | ١١٦١ک | ١٧٤٨ز |
| مردنی ئیبراهیم پاشا | ١١٦٢ک | ١٧٤٨ز |
| دەستپێکردنی حوکمی سلێمان پاشا، پاشای بەغدا و کوشتنی سلێمان پاشای (کۆیسنجاق) لەلایەن سلێمان پاشای بەغداوە | ١١٦٤ک | ١٧٥٠ز |
| کوژرانی سەلیم پاشا، پاشای (قەڵاچوالان) لە بەغدا | ١١٧١ک | ١٧٥٧ز |
| بڵاوبوونەوەی تاعوونە گەورەکە | ١١٧١ک | ١٧٥٧ز |
| سەرکەوتنی پاشای بەغدا، بەسەر مەحموود پاشای بابانیدا لە (نارین) | ١١٧٦ک | ١٧٦٢ز |
| کوشتنی سلێمان پاشا | ١١٧٨ک | ١٧٦٤ز |
| بڵاوبوونەوەی دووەمین تاعوون (بچووکەکە) | ١١٨٧ک | ١٧٧٣ز |
| کوژرانی سلێمان پاشا، پاشای بەغدا | ١١٧١ک | ١٧٥٧ز |
| بەدیل گیرانی ئەحمەد پاشا، لە (ئەحمەد کولوان) | ١١٨٧ک | ١٧٧٣ز |



| | | |
|---|---|---|
| بەدیل گیرانی عەلی مرادخان، لەلایەن ئەحمەد پاشاوە | ١١٨٨ک | ١٧٧٤ز |
| هاتنی شەفیع خان، بۆ یارمەتی محەمەد پاشا | ١١٨٨ک | ١٧٧٤ز |
| هاتنی کەلب عەلی خان و سەرکەوتنی محەمەد پاشا، بەسەر خەسرەوخاندا | ١١٩١ک | ١٧٧٧ز |
| بوومەلەرزەکەی تەورێز | ١١٩٤ک | ١٧٨٠ز |
| ڕۆیشتنی محەمەد پاشا و ئەحمەد پاشا بۆ کەرکووک | ١١٩١ک | ١٧٧٧ز |
| سەرکەوتنی ئەحمەد پاشا، بەسەر محەمەد پاشادا | ١١٩١ک | ١٧٧٧ز |
| مردنی ئەحمەد پاشا | ١١٩٢ک | ١٧٧٨ز |
| مردنی کەریم خانی شای ئێران | ١١٩٢ک | ١٧٧٨ز |
| مردنی عەبدوڵڵا پاشا، پاشای (زەهاو) | ١١٩٣ک | ١٧٧٩ز |
| سەرەتای فەرمانڕەوایەتی مەحموود پاشای باپیری مەحموود پاشای ئێستا | ١١٩٢ک | ١٧٧٨ز |
| کوژرانی ڕەزا قولیخان | ١١٩٧ک | ١٧٨٢ز |
| هەڵهاتنی محەمەد پاشای لە کارخراو بۆ ئێران و گەڕانەوەی و کوژرانی لەگەڵ سەرکردەیەکی تردا، ناوی عومەر پاشا بووە، لەلایەن مەحموود پاشاوە، لەژێر دارە گەورەکەی (قەڵاچوالان)دا. | ١١٩٤ک | ١٧٨٠ز |
| سەرەتای دەستپێکردنی فەرمانڕەوایی ئیبراهیم پاشا | ١١٩٧ک | ١٧٨٢ز |
| دروستکردنی شاری (سلێمانی) | ١١٩٩ک | ١٧٨٤ز |
| کوژرانی مەحموود پاشا | ١١٩٨ک | ١٧٨٣ز |
| دەستپێکردنی فەرمانڕەوایی عوسمان پاشا | ١٢٠١ک | ١٧٨٦ز |
| مردنی عوسمان پاشا | ١٢٠٣ک | ١٧٨٨ز |
| بوومەلەرزە لە (سلێمانی) | ١٢١٧ک | ١٨٠٢ز |
| مردنی سلێمان پاشا، پاشای بەغدا و بەدواهاتنی عەلی پاشا | ١٢١٧ک | ١٨٠٢ز |
| مردنی ئیبراهیم پاشا | ١٢١٨ک | ١٨٠٣ز |
| سەرەتای دەستپێکردنی فەرمانڕەوایی فەتح عەلی شای | ١٢١١ک | ١٧٩٦ز |
| ئێستای ئێران سەرپێچی کردن و یاخیبوونی عەبدولڕەحمان پاشا، لە عەلی پاشا و کوشتنی مەحموود پاشای (کۆیسنجاق)و زاڵبوونی بەسەر خالید پاشای (ئاڵتون کۆپری)دا. لەسەر ئەمە پاشای بەغدا بەپەلە دێت و لە (دەربەند)[٥] بەسەر عەبدولڕەحمان دا زاڵ دەبێ. | ١٢٢٠ک | ١٨٠٥ز |

(٥) مەبەست لە (دەربەندی بازیان)ی نێوان سلێمانی و کەرکووکە ـ م.

| | | |
|---|---|---|
| هاتنی خالید پاشا بۆ سلێمانی و بەدەستەوەگرتنی جڵەوی حوکم. | یەک ساڵ | |
| شەڕی دووەمی (دەربەند) بە فەرماندەیەتی سلێمانە بچووکی پاشای بەغدا[٦] | ١٢٢٣ک | ١٨٠٨ز |
| کوژرانی سلێمان پاشا، پاشای بەغدا. | ١٢٢٥ک | ١٨١٠ز |
| شەڕی کفری | ١٢٢٦ک | ١٨١١ز |
| گەڕانەوەی عەبدولڕەحمان پاشا بۆ سلێمانی، بە یەکجاری | ١٢٢٦ک | ١٨١١ز |

(٦) ئەمەش هەر ئەو ساڵەیە، کە تیایدا گەیشتمە بەغداد.

# پاشكۆی پێنجەم

(پاشكۆی چوارەمی بەرگی یەكەمی گەشتەكەیە)

هەندێ زانیـاری كـە لـە (ئەحـمـەد كـولوان)
وەرگیراون دەرباری

لە (ئەحمەد کولوان)ی ناوچەی (قزڵجە)ەوە بۆ (زەهاو)

| | سەعات | سەرنج |
|---|---|---|
| بۆ (سورەجۆ) لە –شەهرەزوور– کە پێی دەڵێن: (شارەزوور) | ٦،٥ | ناوچەیەکی زوورگاوییە و شاخی وا بەرزی تیا نییە، کە پێویست بەبڕینی بکات. |
| بانی خێلان | ٦،٥ | بەشی یەکەمی ڕێگاکە بەدەشتی شارەزووردا تێپەڕ دەبێ و کە لە بانی خێلانیش نزیک دەبێتەوە شاخێک دەبڕێت و دەگەیتە ئەوێ، لەوێدا چەند چەمێک کە لە کوردستانەوە دێن دەرژێنە ڕووباری (دیالە)ەوە. |
| زەهاو | ١٠ | دەشتی (باجەلان )ە. |
| **هەمووی** | **٢٣** | |

***

لە (ئەحمەد کولوان)ەوە بەڕێگەی (شامیان)دا بۆ (کرماشان)

تێبینی: ئەمە کورتترین ئەو ڕێگایانەیە کە لە کوردستانەوە بۆ کرماشان دەچێ و لە هەمووشیان تەختانیتر و چاکترە و هەموویشی بەلای کەمەوە بەگەرووی نێوان دوو شاخدا تێپەڕ دەبێ.

| | سەعات | سەرنج |
|---|---|---|
| سەوڵاوا | ٦ | لەناوچەی (سنە)یە لە دۆڵێکدایە لەسەر درێژایی ڕێگاکە |
| پاڵینگان | ٥ | لەسەر درێژایی دۆڵەکەیە |
| کرماشان | ١٠ | ڕێگەیەکی تەختە |
| **هەمووی** | **٢١** | |

کوردەکان دەڵێن ئەمە چاکترین و لەبارترین ڕێگەیە بۆ تێپەڕبوونی خێڵات پیایدا بەخۆیان و خێزان و باروبنە و ماڵات و... هتد.

***





| | فرسەخ |
|---|---|
| دەهکەلان (دێگولان) | ٦ |
| کوروە (قوروە) | ٦ |
| حەما قیسی | ٦ |
| هەمەدان | ٦ |
| **هەمووی** | **٢٤** |
| بۆ کرمنشاە | |
| کورووک | ٥ |
| کامیارە (کامیاران) | ٥ |
| کرمنشاە (کرماشان) | ٧ |
| **هەمووی** | **١٧** |
| بۆ تەورێز | |
| باقلاباد (باقلاوە–بەڵام ئێستا: باقراوای پێدەڵێن) | ٦ |
| کێلە کەبوود (ڕەنگە: تیلەکۆی– ئێستا بێت) | ٦ |
| سەقز | ٩ |
| کوول تەپە | ٦ |
| میان دوئاو | ٨ |
| لووکلەر | ٩ |
| ئاق تەپە (ئاخ تەپە) | ١١ |
| تەورێز | ١٢ |
| **هەمووی** | **٦٧** |
| بۆ مەراغە | |
| هەڵەدەرە (ڕەنگە: قۆڵەدەرەی ئێستا بێت) | ٥ |
| دیوان دەرە | ٥ |
| قابلان تو (قافلان تو) | ٥ |
| سەفاخانە | ٤ |
| ساین قەڵعە (ساین قەڵا) | ٧ |

| | |
|---|---|
| دیزه | ٦ |
| مەراغە | ٤ |
| **هەمووی** | **٣٦** |

***

ڕێگا لە (سنە)وە بۆ (هەمەدان)، وەک بەگوێرەی یادداشتەکانی میستەر (بەل لی نۆ)وە ڕاستکراوەتەوە

| | وەک دەڵێن | ڕاستییەکەی |
|---|---|---|
| دەککیلان[(١)] | ٧ فرسەخ | ٩ سەعات و ٥٥ دەقیقە |
| کووریا[(٢)] | ٥ فرسەخ | ٧ سەعات و ١٥ دەقیقە |
| حەماقیسی | ٥ فرسەخ | ٦ سەعات و ٢٠ دەقیقە |
| هەمەدان | ٥ فرسەخ | ٧ سەعات و ٣٠دەقیقە |
| **هەمووی** | **٢٢ فرسەخ** | **٣١ سەعات** |

***

(١) پێشتر بە (دەهکەلان) هاتبوو، کە مەبەست (دێگولان)ی ئێستایە ـ م.
(٢) پێشتر بە (کوروه) هاتبوو، کە مەبەست هەر (قوروه)ی ئێستایە ـ م.

# پاشکۆی شەشەم

(پاشکۆی پێنجەمی بەرگی یەکەمی گەشتەکە)

ڕوونکردنەوەی تایبەتی لەسەر تۆپۆگرافیای کوردستان، کە لە (سلێمانی) لە ڕاستگۆترین سەرچاوە، کۆکراوەتەوە و بەوردی لەگەڵ ئەو زانیارییانەدا بەراوردی پێکراوە، کە خەڵکانی جیاجیا باسیان کردووە:

لە (ئەحمەد کولوان)ەوە بۆ (ناڵپاریز) و تێپەڕین بە (تاریەر)دا... ٣ سەعات

لە (چەوتان ـ چەفتان) لەسەر شاخەکانەوە ... ٢ سەعات

بۆ (گوڵ عەمبەر) ـ خورماڵ ـ ی ئێستای مەڵبەندی شارەزوورە

بۆ (گوڵ عەمبەر)، لەوپەڕی چیاکانی (ئەورامان ـ هەورامان)... ٨ سەعات

لە (گوڵ عەمبەر)ەوە بۆ (خواجاڵ؟)، کە بەدۆڵێکی ناو چیاکانی

(ئەورامان ـ هەورامان)دا تێپەڕ دەبێ... ٢ سەعات

لە (گوڵ عەمبەر)، ڕووەو خۆرئاوا، بۆ (هەڵەبجە) ٢ سەعات

بەڕێگەیەکدایە، کە ئەمیش چیاکان بەسەریا دەڕوانن و ڕووباری (دیالە)، کە لەوێ پێی دەڵێن (سیروان)، لە (جورۆ)ی جیادەکاتەوە. لە (بانی خێڵان)یشەوە (دەربەندی دیالە) بەشاخدا، یان بەو زنجیرەیەدا کە سنووری خۆرئاوای دەشتی (سلێمانی) پێک دێنێ.

دیالەش (ئەورامان ـ هەورامان) لە (شاهۆ) جیادەکاتەوە. کێوەکانی ئەورامانیش بەشێکی لە (شاهۆ) پێک دێنن.

ڕێگای ڕێبواران لە (شەهرەزوور ـ شارەزوور)

ئاربەت (عەربەت) ٤ سەعات کەلاوەی گەورەی تێدایە، ئەو کەلاوەیەش کە پێی

دەڵێن (قیزلعەسی) دەکەوێتە نێوان (گرێزە) و

(ئاربەت)ەوە. (بێستان ـ سوور) و (یاسین تەپە)ش[1] دەکەونە نزیکییەوە

گرێزە ٤ سەعات

حەسار ٢ سەعات

گوڵ عەمبەر ٢ سەعات لە سلێمانییەوە بۆ (گوڵ عەمبەر)، کە مەڵبەندی (شارەزوور)ە.

هەمووی ١٢ سەعات

***

لە (سلێمانی)یەوە بۆ (بانی خێڵان)

(١) لە دەقەکەدا بەهەڵە (دەستان سوور) و (یارین تەپە) نووسرابوو ـ ع ـ
لە (بانی خێڵان)یشەوە دوو ڕێگەی لێ دەبێتەوە، یەکەمیان دەچێ بۆ (زەهاو) و ئەوی تریشیان بۆ (زەنگەباد) و بە (دیزی یارەش ـ خانی جەبەل ـ زەنگەباد)دا تێپەڕ دەبێ، لەسەر ڕۆخی (دیالە).



لە سلێمانییەوە بۆ (دەربەندفەقەرە) ٥ سەعات لە (تانجەرۆ) دەپەڕێتەوە

گەورە قەڵا (لێرەش هەندێ کەلاوە هەیە) ٤ سەعات

بانی خێڵان ٣ سەعات

هەمووی ١٢ سەعات

لە (هەڵەبجە)شەوە بۆ (بانی خێڵان)، بەدۆڵێک، یان بە گەرووەیەکدا ناوی (دەربەندی خان)ە، پێنج سەعاتە.

***

لە (بانی خێڵان)ەوە بۆ (زەهاو)

هەرسکەل (؟) ١ سەعات

هۆرێن ٢ سەعات

سەر قەڵا ٤ سەعات

زەهاو ٣ سەعات

هەمووی ١٠ سەعات

لە (زەهاو)ەوە بۆ (کرمنشاە)

زەهاو بۆ پیشەئوو(؟) ٣ سەعات

سوورە دزە ٣ سەعات

کرند ٣ سەعات

پاشان بۆ کرماشان

لە (سلێمانی)ەوە بۆ (کرماشان) بەڕێگەی (هەڵەبجە)دا

لە هەڵەبجەوە بۆ (خانە شوور) ٧، یان ٨ سەعات

دەشتە و ئوور ٣، یان ٤ سەعات

دەشتە لێڵ ٣ سەعات

دەشتە مردە ٣ سەعات

زەمکان ٢ سەعات

هەڵەبجە دەکەوێتە نزیک کێوێک، کە لقێکی (شاهۆ)یە و (دیالە) لە (جوانڕۆ)ی جیادەکاتەوە و بەنێوان هەڵەبجە و (جوانڕۆ)دا تێپەڕ دەبێ بوارێکیش بەسەر (دیالە)وەیە بۆ جوانرۆ کە بریتییە لە گوریسێک لەنێوان هەردوو ڕۆخەکەدا.

ئەم ڕێگەیە پێی دەڵێن ڕێگای ناوەڕاست، ڕێگای (زەهاو)یش ڕێگاکەی خوارووە. بەڵام ڕێگاکەی سەرەوە، وەک لە دامێنەوە نووسراوە، بە (هەورامان) و (جوانڕۆ)دا تێپەڕ دەبێ:

| | |
|---|---|
| له (چەمی خواجایی)یەوە بۆ (تەویڵە) | ٢ سەعات |
| نەوسوود | ١,٥ سەعات |
| دیشە | ٢,٥ سەعات |
| پاوە | ٢,٥ سەعات |
| قەڵای جوانڕۆ | ٨ یان ٩ سەعات |
| لەوێشەوە بەڕێگەی (ماهیدەشت)دا بۆ (کرماشان) | ١٢ سەعات |

جگە لەمە، ڕێگەیەکی تریش هەیە بۆ (کرماشان)، کە ڕێگاکەی لە دامێنەوە ماوەی دوو سەعات و نیوێک لەمبەرەوە لادەکاتەوە بۆ (زەهاو) و (دەشتەمردە) و بە (بزمیراوە)دا تێپەڕ دەبێ. (بزمیراوە)ش هاوینەهەوار، یان لەوەڕگەی (زەهاو)ە، لە (شاهۆ). دوای ئەمیش (ڕاژاو)، دواتر (تاووق) دێن. ئەم جێگایانەش هەموویان لە (شاهۆ)، یان (زاگرۆس)ن.

(شاهۆ)ش ئەو بەشەی (زاگرۆس)ە، کە سنووری پاشایەتی (قەڵاچوالان) لە کوردستانی تورکیا و کوردستانی ئێران جیادەکاتەوە، ئەمانە و هێشتا ڕێگەیەکی تریش هەیە بۆ (کرماشان)، کە لە (قرڵجە)وە دەچێ بۆ (ساڵیاوا)، ناوەکەشی ڕێگای (شامیان)ە. لەو دووەمین نەخشەیەشدا ناوی هاتووە، کە باسی ڕێگەی (قزلجە)ی تێدا کراوە.

(قەرەداغ)یش پاش ئەوەی درێژ دەبێتەوە و بە (دەربەند)دا تێپەڕ دەبێ، لە (کۆیسنجاق)، کێوەکانی (خاڵ خالان) پێکدێنێ.

***

گەرووەکانی زاگرۆس لەنێوان کوردستانی بابان و ئێراندا

١ـ گاران: ڕێگای (سنە)یە و ئەو گەرووەیە، کە دەکەوێتە دامێنی ئەو سەرەوە.

٢ـ سوورکێو: ڕێگاکەی (سوورکێو) لای پردەکەی (عەسر ئاباد- عەسر ئاوا)، لە ڕێگاکەی (گاران) جیادەبێتەوە.

٣ـ گەلی با.

٤ـ ناوخووان.

٥ـ پیشان (؟): لە (بیستان)ەوە بۆ (بانە)

٦ـ (گەلی باڵێن)، لە (بانە)وە بۆ (بایین دەرە)

٧ـ گەلی خان

پاشان (زاگرۆس) لادەکاتەوە بۆ خۆرهەڵاتی (سەردەشت) و خۆرئاوای (ساووق ـ بولاق[٢] ـ سابلاخ) و پاشان بۆ (سی کەنە).

***

(٢) ئەمە بە (ساووق بولاق) دەوترێ بەڵام ناوی ئێستای لەناو خەڵکدا (سابلاخ)ە ـ ع.



ڕێگا لە ـ سنە ـ وە بۆ ـ هەمەدان ـ

وەک بەپێی یادداشتەکانی میستەر (بەل لی نۆ) ڕاستکراونەتەوە

| | وەک دەڵێن | لەڕاستیدا |
|---|---|---|
| دەککیلان | ٧ فرسەخ | ٩ سەعات و ٥٥ دەقیقە |
| کووربا | ٥ فرسەخ | ٧ سەعات و ١٥ دەقیقە |
| حەما قیسی | ٥ فرسەخ | ٦ سەعات و ٢٠ دەقیقە |
| هەمەدان | ٥ فرسەخ | ٧ سەعات و ٣٠ دەقیقە |
| هەمووی | ٢٢ فرسەخ | ٣١ سەعات |

# پێڕست


پێشەکی

کورتەی ژیانی میستەر ڕیچ

بەشی یەکەم

ل ٣١ تا ٥٥

دەرچوون لە خانووی نشینگەیی ـ چۆنێتی سەفەرەکە ـ باسێکی کۆمەڵەکەمان ـ باوبۆران ـ کفری ـ کەلاوەی ساسانی ـ میواندارێتیی سەرۆک هۆزی بەیات ـ چاووگەکانی نەوت لە توزخورماتوو ـ.

بەشی دووەم

ل ٥٧ تا ٨٧

جێهێشتنی توزخورماتوو ـ دۆڵی لەیلان ـ هەواری یوسف ئاغا ـ میوانداربیەکەی ـ چوونە ناو کوردستان ـ مەزرا و دیمەنی وڵات ـ دیاری لە پاشای (سلێمانی)یەوە ـ گەیشتن بە چادرگەکەمان پێش سلێمانی ـ سەردانی پاشا.

بەشی سێیەم

ل ٨٩ تا ١١٦

عوسمان بەگ ـ چوونە ناو سلێمانی ـ سەردانی میر ـ باسێکی خانووەکەمان ـ پابەندیی کورد بە سەرۆکەکانیانەوە ـ هەندێ بەسەرهات ـ شەڕەکە و ـ ئەفغانیی لە شارەزووردا ـ زەینەفۆن و دە هەزارەکە.

بەشی چوارەم

ل ١١٧ تا ١٣٨

وتووێژ لەگەڵ میردا ـ کەیخەسرەو بەگ ـ هۆزی جافی کورد ـ ئاووهەوای سلێمانی ـ نیشانەنانەوە ـ تەختی سلێمان ـ هەڵکۆڵراوی مێژوویی-ئاهەنگێکی مۆسیقا- زۆرخانە، یان یاریگە ـ سلێمان بەگ ـ چابووکیی لە بەکارهێنانی شمشێردا ـ کشتوکاڵ.

بەشی پێنجەم

ل ١٣٩ تا ١٥٤

سەربازە ڕوسییە ئازاکە ـ دڵڕەقیی شازادەی کرماشان ـ موسڵمانێکی گەورەی خواناس ـ بەروبوومە سروشتییەکانی کوردستان ـ خواپەرستیی مەحموود پاشا ـ بەسەرهاتێک ـ گرتنی عەبدوڵڵا پاشا ـ جەژن ـ هۆزەکانی بلباس ـ بەسەرهاتێک ـ هۆزەکانی کورد ـ بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کوردستان ـ (سەمعان)ە شێت و وردە شتی تر ـ.





بەشی شەشەم

ل ١٥٥ تا ١٧٥

دەرچوون لە سلێمانییەوە بەرەو چیاکان ـ دەربەندی گۆێژە ـ چادر هەڵدان لە (گەڕەدێ) ـ جوانیی جێگاکە ـ دەنگەدەنگ و ژاوەژاوی کاتی بارکردن ـ کێوی بەرز ـ دانەوێڵە ـ وڵاتی جوان ـ ئەفسەرێکی گەورەی ناوچەی (قزڵجە) ـ هەندێ هەڵەی پێکەنیناوی ـ سەرکەوتنێکی سەخت ـ کوڕەکانی خالیدبەگ ـ سەربازگەیەک لە (ئەحمەدکولوان) ـ درووێنەوانان گۆرانی (شیرین و فەرهاد) دەڵێن ـ کوللە ـ پلەی گەرمای کانیاوەکان ـ بۆقی سەوز ـ یارییەکی سەیر ـ جێهێشتنی ئەحمەد کولوان ـ سەفەر بۆ (بیستان) ـ گردی توورەکەڕێژ ـ (بیستان)ی نادروست و نەخۆش کەوتنی هەموو کۆمەڵەکەم ـ جێهێشتنی بیستان ـ پێنجوین هەواری جاف ـ خێڵە کۆچەرەکان ـ خانمێک و گزیرەکانی ـ جوولەکە.

بەشی حەوتەم

ل ١٧٧ تا ٢٠٦

چوونە ناو ئێرانەوە ـ زەریاچەی زرێبار ـ کەیخەسرەو بەگ ـ هەواری جاف ـ یاری جریدبازی ـ بڕینی کێوی (زاگرۆس) ـ گوندنشینەکانی (کەڕان) ـ زستانێکی سەخت ـ ناکۆکی نێوان جاف ـ سنە ـ شێوخواردنێکی نایاب ـ کۆشکەکە ـ ستەمی والی سنە ـ پرسەی گشتی ـ پشێوی و هەرا ـ کۆچی دوایی کوڕەکەی والی ـ دڵتەنگی والی و توندوتیژییەکەی ـ ترسی دەست و پێوەندەکەی ـ ئاڵوگۆڕ لە بەرنامەکەماندا ـ ترسی وەزیرەکانی والی ـ بەزەیی ئەنجوومەن ـ سەرکەوتنی ئەنجوومەن ـ گەشکە و سوپاسیان ـ دەرچوون لە سنەوە بەرەو هەواری والی ـ.

بەشی هەشتەم

ل ٢٠٧ تا ٢٢٣

دەرچوون لە (سنە) ـ دیمەنی زەوی ـ چادرەکانی (کولانە) ـ سیاسەتمەدارانی مەزنی کورد ـ ڕووباری (قیزیل ئۆزون) ـ هەوارەکان ـ سەرنجەکانی لادێییەک ـ ڕەوشتی نائاسایی جاف ـ ڕێگایەکی کووڕ ـ هەنگوین و کەرەی سارد ـ گەیشتنە گوندی (میک) ـ ڕیچ خانم دەبرێ بۆ گوندێکی تر ـ پوورە هەنگ ـ گەیشتنەوەی ڕیچ خانم پێمان ـ دیاری میوە لای (والی)یەوە ـ گەیشتنە (بانە) ـ کوڕەکانی والی ـ میوەی تازە پێگەییو ـ.

بەشی نۆیەم

ل ٢٢٥ تا ٢٤٤

سەردانمان بۆ لای والی سنە ـ قەڵای بانە ـ وتووێژی والی ـ ژنهێنانی کوڕەکەی ـ والی سەردانم دەکاتەوە ـ دڵڕەقیی والی، لە (بانە) خۆ تەیارکردن بۆ ڕۆیشتن ـ گیروگرفتی چاوەڕوان نەکراو ـ بەگران دەستکەوتنی وڵاخی باریی ـ پۆزشی والی ـ سوڵتانی بانە ـ دەست پێکردنی ڕێکردنمان ـ سەرۆکی گوندەکە ـ ڕێگە پێنەدانمان لەسەر ڕێکردنمان ـ هەڵوێستێکی خراپ ـ بڕیاری بەشەڕ ڕێگاکردنەوە ـ ترسی سەرۆکی گوندەکە ـ ڕێگەپێدانمان بۆ ڕۆیشتن ـ چیا ـ چوونە ناو ناوچەی بابانەکانەوە ـ دەست و پێوەندەکانی عومەرئاغا ـ کەلاوەکانی قەڵاچوالان ـ میوەی تازە ـ شاخی نزم ـ گەیشتنە سلێمانی ـ.

**بەشی دەیەم**

**ل ٢٤٥ تا ٢٧٠**

سەرنەگرتنی کوتاندن دژی ئاوڵە ـ مردنی کوڕەکەی عوسمان بەگ ـ ماتەمینی میر ـ شوێنەوارە مێژینەکانی شارەزوور ـ ئەسکەندەری گەورە و کچە شازادەی هیندی ـ ناوی ناوچەکان ـ عومەرئاغا ـ چەوساندنەوەی و زیندانی کردنی ـ پابەندیی و هۆگریی داروودەستەکەی ـ نەزاکەتی ـ قینی لە عوسمان بەگ ـ ڕەحمەتوڵڵای تاتار ـ گەشتەکەی بەو کێوە سەختانەی دیانە کلدانەکانی تێدا دەژین ـ ئامێدی ـ ئامۆژگاریی میر، بۆ تاتارەکان ـ تەنگوچەڵەمە و داهاتووی تووشی ـ هەوارگەی کلدانییان ـ نانی برنج ـ ڕامانی کلدانییان کە ڕەحمەتوڵڵایان لەناو خۆیاندا دیوە ـ قێزکردنەوەیان لە محەمەد ـ یەزیدیان ـ شاری (وان) ـ ناوی هۆزەکانی کوردییەکان ـ هەڵپەڕکێی خانمان ـ پلەوپایەی ئافرەتی کورد ـ جلوبەرگی پیاوان ـ چیرۆکی دارشمانە ـ پیرێکی بەڕێزی بابانی.

بەشی یازدەهەم

**ل ٢٧١ تا ٢٩٣**

دڵتەنگیی و خەمباریی میر ـ کوڕە گەورەکەی بەبارمتە دەنێردرێ بۆ کرماشان ـ نەخۆش کەوتنی کوڕە بچووکەکەی ـ ئاژاوە لەنێوان ئەندامانی بنەماڵەکەدا ـ ئەحمەد بەگی دارشمانەیی ـ هۆزەکانی ڕەواندز ـ شێوەی تەرم ناشتن لای کورد ـ بنەماڵەی بابانی ـ شەجەرەی میرانی بابان ـ مردنی کوڕە بچووکەکەی میر، بە ئاوڵە ـ دڵگیریی میر ـ سلێمان بەگ ـ بازرگانیی سلێمانی ـ وتوویژ لەگەڵ عوسمان بەگدا ـ ئارەزووی دەست هەڵگرتنی میر، لە فەرمانداریێتی ـ عومەرئاغا ـ زیرەکیی و وردبینییەکەی ـ بەراورد لە نێوان کورد و تورک و ئێراندا ـ لوقمان سەردانێک بۆ ماڵاوایی کردن لە میر ـ وتوویژی ئایینی ـ بانگکردنی عوسمان بەگ بۆ شوێنی تازەی ـ هەڵهاتنی دەروێش خالیدی گەورە ـ دوا سەردانی میر لە میستەر ڕیچ ـ وتووێژێکی شیرین ـ ڕەوشتی میر ـ ئامادەبوون بۆ دەرچوون لە کوردستان ـ خەمباریی بەبۆنەی جێهێشتنی خەڵکی کوردستان ـ.

بەشی دوازدەهەم

**ل ٢٩٥ تا ٣١٩**

دەرچوون لە سلێمانی ـ باسی وڵاتەکە ـ گوندی دەرگەزێن ـ عومەرئاغا ـ کوڕەکەی ـ گەرووی دەربەند ـ جێهێشتنی کوردستان ـ دەنگوباسی سلێمانی ـ نائومێدیی عومەرئاغا ـ دەشتێکی جوان ـ گوند ـ گردێکی توورەکەڕێژ ـ ڕووباری گابروسی، یان (زێی بچووک) ـ ئاڵتوون کۆپری ـ هەوارەکەی فارس ئاغا ـ نزمیی و چرووکییەکەی ـ بۆ یەکەمین جار دیتنی هەولێر ـ باسێکی شارەکە ـ دەشتی هەولێر ـ گۆگە مەلا ـ چیای مەقلوب ـ گوندی (کەڵەک)ی یەزیدی ـ ڕووباری زێ، بان (لی کوس) ـ ڕوخساری وڵاتەکە ـ ڕووباری خازەر، یان (بۆمادۆس) ـ حاجی جەرجیس ئاغا ـ شاری کرملیس ـ کەلاوەکانی نەینەوا ـ.



پاشکۆی یەکەم

**ل ٣٢١ تا ٣٤٤**

سەرەبڕشت لە یادنامەی ڕیچ خانم، لە گەشتەکەیدا لە بەغداوە بۆ سلێمانی

پاشکۆی دووەم

**ل ٣٤٥ تا ٣٧٧**

گەشتێک بۆ شوێنەوارەکانی (زندان) و (قەسری شیرین) و (حۆش کەڕوو)... هتد لە سنووری کوردستانی باشووردا، لە مانگی مارت و نیسانی ١٨٢٠ز ـ دا

پاشکۆی سێیەم

**ل ٣٧٩ تا ٣٨٦**

زانیاری وەرگیراو لەخەڵک دەربارەی (جزیرە) و ناوچەکانی دەوروبەری

پاشکۆ چوارەم

**ل ٣٨٧ تا ٣٩٥**

پاشکۆی پێنجەم

**ل ٣٩٧ تا ٤٠١**

زانیاری وەرگیراو، لە (ئەحمەد کولوان) دەربارەی ئەو ڕێگایانەی دەچن بۆ جێگەی جۆربەجۆر

پاشکۆی شەشەم

**ل ٤٠٣ تا ٤٠٨**

ڕوونکردنەوە لەسەر تۆبۆگرافیای کوردستان

***

## چۆن و کەی ئەم کتێبەم وەرگێڕا؟

